خەڵکانێک ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، خەڵکانێک گۆشت بۆ ئێمە دەهێنن؛ نازانین، ئایا ناوی خودایان لەسەری هێناوە یان نا؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ناوی خودا بهێنن وبیخۆن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خەڵکانێک ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، خەڵکانێک گۆشت بۆ ئێمە دەهێنن؛ نازانین، ئایا ناوی خودایان لەسەری هێناوە یان نا؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ناوی خودا بهێنن (بڵێن: -بسم الله-) وبیخۆن».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە خەڵکانێک هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپرسیاریان لێکرد سەبارەت بە ئەو گۆشتانەی بۆیان دێت لە لایەن هەندێک مسوڵمانەوە، کە ماوەیەکی زۆر نابێت بوونە بە مسوڵمان بۆیە نازانن سەبارەت بە هەندێک لە حوکمەکانی ئیسلام، ونازانین ئایا ناوی خودایان هێناوە لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵەکە یان نا؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیانکرد کە ناوی خودا بهێنن (بڵێن: -بسم الله-) لە کاتی خواردنی گۆشتی ئاژەڵەکە وگۆشتەکە بخۆن، لە هەندێک گێڕانەوەی تردا فەرمووی: (سَمُّوْا الله أَنْتُمْ وَكُلُوا) واتە: (ئێوە ناوی خودا بهێنن؛ وبیخۆن)، ئەمیش جۆرێکە لە لۆمە کردن، هەروەکو ئەوە وایە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیان بڵێت: ئەوەی خەڵکانی تر ئەنجامی دەدەن؛ پەیوەندی بە ئێوە نییە، چونکە ئاشکرا دیارە حەڵاڵە چونکە مسوڵمان ئاژەڵەکەی سەربڕیوە، بەڵکو ئەوەی گرنگە کە ئێوە ئەنجامی دەدەن، بۆیە ناوی خودا بهێنن (بڵێن: -بسم الله-) وبیخۆن، بەهەمان شێوە ئەگەر گاوڕێک -نەسڕانیەک- یان جولەکەیەک گۆشتی ئاژەڵێکی پێشکەش کرد بە مسوڵمان، ئەگەر مسوڵمانەکە زانی تەنها ناوی خودای لەسەر هێناوە وسەری بڕیوە؛ ئەوا پێویست ناکات زیاتر قوڵ بێتەوە لەسەر بابەتەکە، بەڵام ئەگەر مسوڵمان دڵنیا بێت لەسەر ئەوەی ناوی خودای لەسەر نەهێنراوە -لە کاتی سەربڕینی- یان سەر نەبڕاوە بەڵکو بە شێوازێکی تر وەکو لە کارەبادان وخنکان ڕۆحی دەرچووە؛ لەم حاڵەتەدا ئەو گۆشتە حەڵاڵ نییە ونابێت مسوڵمان بیخوات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64653